كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە

www.kurdistannet.org

بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 16:05 3-8-2007

**لە24 ە مین سالیادی ئەنفالكردنی 8000 بارزانیدا كەسوكاریان شەری دەروونییان لەگەڵ دەكرێت ... محەمەد مێرگەسۆری**

ئەگەر 24ساڵ پێش ولە رێكەوتی1983/7/31 حكومەتی بەعس بە هەر بیانویێك ولە هەر باردۆخێكی سیاسی ناوچەكە ولەرق وتۆڵە كردنەوە لە هەر رابونێكی كوردان، 8000 لە كەسوكارمانی گرت وبە زیندویی ژێرخاك كرد وبەو كارە درندانەی كولی دڵی خۆی رشت وبە سەدان كەسی پاشماوەی ئەنفالی لە ئافرەت ومنداڵ بە كۆمەڵگای رۆژهەلاتی نامۆ بەرێزگرتنی مرۆڤ وبە تایبەتی ئیراقی ماك گرتوو بە كولتوری بەعس وكوردستان سپارد، ئەوا كرۆكی ئەم بابەتەم پەردە لادانە لەسەر ئەو بی بەرنامەیی و بە هیند هەلنەگرتنی ئەو زامە قوڵەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە لایەن بەرپرس ودەسەلاتدارانی كوردستان كەوا چۆن بەدرێژایی 15سال حوكمرانی و زیاتر لە دو دەیە لەو پرۆسە بەدناوە، چۆن مامەڵە لە گەڵ كەسوكاریان كراوە، ئەگەر چی بەرپرس ودەسەلاتدارانی كوردستان بەشێكن لەو هەڵگرانەی كولتۆری رۆژهەلاتی ناوین وبیر وهزر ورێزوئاكاریان زادەی ئەو جوتبونەیە وپەروەردەكراوی ئەم كۆمەڵگایەن و ناكری لە هەر مرۆڤێكی تری ئەم وولاتە جییایان بكەینەوە، بۆیە زۆرێك لە پەراویز خستن و هەتا رێزنەگرتنیش لێیان بە حەقیقەتێك بزانین وبە لای كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ئاسایی بێتو دەركی ئەو واقیعە بكەین كەوا شەوو رۆژی لەگەڵ دەكەینەوە، ئەمەش خاڵێكی هەستیارەو پێویستە لە دەرهاوێشتەو رەگو ریشەكەی بكۆڵینەوە، من دەڵێم ئەگەر لە یەكەمین پەلارم بۆ دەسەلات لەووەوە دەست پێبكەم كەوا رێزی لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان نەناوە وئەگەر بێرێزیشی پێنەكردبن ئەواشەری دەرونی لەگەڵ كردوون، رەنگە هەبن كەسانێك بڵێن چۆن؟؟هەر كەسێك كاتێك قوربانییەك دەدات دەیەوێت رێزی لێبگیرێت وهەست بەوە بكات خەڵك لەوە ئاگادارە و دەسەلات وبەرپرسانیش بەرخودانەكانی ئەو بە هێند دەزانن، بۆیە تا ئەمرۆكە كەبۆتە زەمەنێك لە ئەنفال وئەگەر بلێین قوربانی دانی كەسوكاریان ئەوا هیچ تاكێكی ئەنفال لەو رۆلەی دەسەلات وبەرپرسان رازی نی یەو هەست بە مەغدوری وپەراوێزخستنی خۆیان دەكەن، ئەوان تا بەئەمرۆ دەگات دەسەلاتدارانی كوردی بچوكترین رێزی نەگرتوون و لە بەرامبەریشدا فەرق وجیاوازی یەكی زۆر لە گەڵ مندالانی شەهیدان دا هەیە جا شەهیدی سەنگەر یان شەهیدانی شەری یەكتر كوژی كە رەنگە مافێكی رەوای خۆیان بێت، لەبەر ئەوە كاتێك هەست دەكری كەسوكاری ئەنفالكراوەكان رێزیان هەیە كە وەكو پاشماوەكانی شەهیدان مامەڵەیان لەگەڵ بكری وئەو كاتیش شەری دەرونیش دەچێتە قۆناغی ئاگربەستەوە. كاتێك كەسوكاری ئەنفالكراوەكان خانوویان وەكو كەسوكاری شەهیدان نادرێتی و لەموچەی شایان بە خۆیان بی بەش دەكرێن وناتوانن زەوی وەربگرن ولە زانكۆدا یارمەتی نادرێن وسلفەی زەواج بۆكچ وكوریان دابین ناكری ئیدی چۆن دەكری قەناعەت بەهەرمرڤێك با كەم عەقڵ ومەنگۆلیش بی دەهێنرێت كەوا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان رێزیان هەیە. بۆیە هەموونەو كەم وكورتیانە دەچنە خانەی نەبوونی رێز وشەرێكی دەرونی كوشندەشەبەرامبەر كەسوكاری ئەنفالكراوكان ئەگەینا تازەو لە ژێر دەسەلاتی كوردیشدا زۆریك لە كەسوكاریان خۆزگەیان بەووەوە نەدەخوارد كەوا بریالەگەڵ كەسوكاریان ئەنفال دەكران و بەم شێوەیەو لە ژێردەسەلاتی كوردی بەو دەردە نەدەبران وبەم شێوەیە رەزیل نەدەكران. بە سەیر كردن وتێفكرین لە كەسوكاری 8000بارزانی تو خوا حەیف وغەدر نی یە بۆنشتیمانێك قوربانی بدەی كەتاكەكانی شاپ لە قوربانی یەكانت هەلبدات، ئێمە دوێنێمان لەبیركردووەو وادەزانین رێزنەگرتن لە كەسوكاری ئەنفالكراوەكان گەورەمان دەكات وپلەوپایەمان دەباتە سەرەوە، ئازیزانم لەم نشتیمان وكۆمەڵگەیە دا كەس ناتوانی خۆشبەخت بی ئەگەر هەمۆوتاكەكانی خۆشبەخت نەبن، من وەكو

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:05 3-8-2007

یەکێك لە کەسوکاری 8000بارزانی ئەنفالکراولە لەبەر زۆرێك لەرەفتاری ناشیرین وگەندەڵی بەرپرسەکان شەرم لەخۆم دەکەمەوە کە بەشانوباڵی خۆم هەڵبدەم کە باوك وکوسوکارم بۆ وەهارۆژانێك خەبات وقوربانییان داوەوئەنفالن، تۆ بلێی ئەوانیش لەرەفتاری خۆیان پەشیمان نەبوبنەتەوە. ئەگەرچی تازە وەزارەتی شەهید وئەنفالکراوەکان دەیەوێت فەخر بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بفرۆشێت کەوا مووچەیان بۆ دەبرێتەوە، بەڵام ئەمە مەغدورییەتەی رابردوو ناسرێتەوەوناتوانی کەمێك برینەکانیان سارێژبکات، من گلەییم لەو وەزارەتە نی یەهێندەی گلەییەکەم ئاراستەی بەرپرس ودەسەلاتدارانی کوردە کەوا بۆچی تاوەکو ئێستا دووای 24ساڵ هیچیان بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان نەکردوە، ئەمەش پرسیارێك ووەڵام دانەوەی رێزگرتنە لە پیرۆزییەکانی ئەنفال، ئایاهۆکارەکان خودین یان یان پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و بی دەسەلاتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە هەیە، لەوەدا ولەو پەراوێزخستنەدا پاشماوەو کچ کوری ئەنفالکراوەکانن کە نابی بەوە پەسەندە بکەن وبە قسەو بەلێنی بەتاڵ دڵیان خۆش بکەن، وهەرگیز نابی خۆیان تەسلیمی ئیرادەی نائۆمیدی و ناکوردانە بکەن، ئێمە شانازی بە کەسوکارمانەوە دەکەین کە لەسەر بارزانی بوون وکوردبوون ئەنفالکران بەڵام هەرگیز شانازی بەو رۆلەی حکومەت و بەرپرسان ناکەین کە دەرهەق بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەیگێرن، وهێشتاش شانازی دەکەین کە دەتوانین وەکو ئەوان کورد بین وخیانەت لە نەتەوەکەمان نەکەین باشەری دەرونیشمان لەگەڵ بکریت وهیچ حسابێکمان بۆ نەکرێت.

m_mergasory@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.